**وەزارەتی ناوخۆ**
**ژمارە: ٩٦٢٩ لە ٢٠١٧/٦/٥**

**بەیانی ژمارە (١٠)ی ساڵی ٢٠١٧**
**تایبەت بە هەموارکردنی بەیانی ژمارە (٧)ی ساڵی ٢٠١٧**

بەپێی ئەو دەسەڵاتەی پێمان دراوە لە یاسای وەزارەتی ناوخۆ ژمارە (٦)ی ساڵی ٢٠٠٩ ، بریارماندا بە دەرچواندنی ئەم بەیانە:-

**ماددەی (١):-**

هەموارکردنی ماددەی دەیەم برگەی (٤) کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:-

ماددەی دەیەم:

٤- ئەو بیانیانەی کە ڤیزەیان بۆ (٦) مانگ وەرگرتووە کارتی هەواڵی گەیشتنیان بۆ رێك ناخرێت و دەبێت لە ماوەی (١٥) رۆژدا رێکارەکانی وەرگرتنی کارتی نشینگە دەست پێ بکات و لە ماوەی یەك مانگ تەواوی بکات بە پێچەوانەوە ڤیزەکەی هەڵدەوەشێندرێتەوە وو دیپورت دەکرێتەوە.

**ماددەی (٢):-**

هەموارکردنی ماددەی هەژدەیەم کە بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:

ماددەی هەژدەیەم:

ئەم برە پارانەی خوارەوە لە لایەن بەرێوەبەرایەتیەکانی نشینگە وەردەگرێت و دەخرێتەوە سەر حسابی بەرێوەبەرایەتیەکان جگە لە خاڵی (١٧) برگەی یەکەم لە لایەن بەرێوەبەرایەتی کومپانیا ئەمنیەکان و رێگەپێدان لە دیوانی وەزارەت وەردەگیرێت و دەخرێتە سەر حسابی ئەو بەرێوەبەرایەتیە.

**ماددەی (٣):-**

٢- ئەم بەیانە لە سایتی ڤیزەی ئەلکترونی بڵاودەکرێتەوە.

٣- ئەم بەیانە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە رۆژنامەی (وەقایعی کوردستان) کاری پێ دەکرێت.

**کریم سنجاری**
**وەزیری ناوخۆ**